# هههههه هاها

سدیق عەلی
2005/12/27

ئاگرمان کردەوە
چی هاواری پشتی بێ دەنگیەکان هەبوو
سوتاندمان
چی بێ دەنگی دوای هاوارەکان هەبوو
چی خەونی پەپولانەی ژێر بەتانیە پلێنگیەکان و
چی بەرائەتی ئەودیوی
غەریزە رەشەکانی جەستەبوو
چی ماچە گەرمەکانی بەفرو
قسە ساردو سڕەکانی ئاگر هەبوون
ئاگرمان دان
هاوینێکی درێژە
بەدیار حەیرانێکەوە حەیرانین
نە ئەوەیە دەست پێبکاتو
نە ئەوەیە تەواو بێت
تەمەنێکی درێژە
بەدیار ئاگرێکەوە گڕ دەگرین
نە ئەوەیە بکرێتەوە
نە ئەوەیە بکوژێتەوە
لەو قامیشەلآنی عەشقەدا
سالآنێکە دەستی مشارێك ماچ دەکەین
نە ئەوەیە رێگەمان بۆ بکاتەوە
نە ئەوەیە لە رێگەمان بکاتەوە
ئاگرمان کردەوە
ئێمە کۆمەلێك مندالَ بووین
لە ژێر پریشکی زللەی گەورەکاندا
ئاگرمان کردەوە
یە کێکمان پەنجە توتەی سوتاو بو بە (مەمە)
ئەوەی ترمان پەنجە توتەی سوتاو بو بە چلورە
ئەوەی دیمان تەنیا پەنجە توتەی نەسوتاو بو بە چۆلەکە

**ئێمە کۆمەڵێك هەرزەکار بووین**

**لەژێر سێبەری تریقەی هەندێك کچدا ئاگرمان کردەوە**

**یە کێکمان پەنجەی سوتاو**

**بوو بە جگەرە**

**یەکێکی ترمان (دەستی سوتا)و بوو بە تیرو دڵو**

**ئەوەی دیمان ئایندەی**

**ئێمە کۆمەڵێك عاشق بووین**

**لە دامێنی کتێبێکدا**

**ئاگرمان کردەوە**

**یە کێکمان شیعرەکانی سوتاو بوو بە گاتا**

**ئێمە کۆمەڵێك پیرین**

**هەمیشە لە پشت دیواری مزگەوتەکانەوە ئاگر دەکەینەوە**

**یەکێکمان قژی دەسوتێو دەبێتـە کنگر**

**یەکێکمان دەستی دەسوتێو دەبێتـە گۆچان**

**ئەوەی ترمان پێکەنینی گڕ دەگرێو دەبێتە کۆکە**

**هههههههە هاها**

**ژیان چۆن لە باڵی پەپولەیەکەوە دەستی پێکردو**

**لە چڕنوکی داڵێکدا کۆتایی هات**

**چۆن لە باڕەی بەرخێکەوە هاتو**

**لە لورەی گورگێکەوە دەرچوو**

**ههههههههە هاها**

**ژیان چ نوکتەیەکی سەیر بوو**

**بە چاوەڕوانی کچێك لە دەرگا**

**بۆ نیگای مەستانەی عاشقێك هاتو**

**بە چاوەڕوانی هەمان کچ هەر لە دەرگا**

**بە دیار هاتنەوەی کوڕەکەیەوە تەواو بوو**

**من نازانم**

**بڕۆن لەوانە بپرسن کە شەوان**

**لەنێو نوێنی ئۆخژن دەخەوتنو**

**ئێواران بە کۆڵانەکانی لەزەتدا پیاسەیان دەکرد،**

**ژیان چی بوو؟**

**بڕۆن**

**لەو بازرگانانە بپرسن**

**كە هەر رۆژ**

**کەپری کۆترێکیان دەڕوخاند**

**ژیان چی بوو؟**

**من نازانم**

**شەوێك بە دیار دانئێشەی شیعرێكو**

**شەوێك بە تەنیشت غەزرینی خەوەوە**

**ئاگرم کردۆتەوە**

**من نازانم**

**رۆژێك بە دەم گۆرانیە بریندارەکانی مەحسونو**

**رۆژێك لە پەلەی هاتنی شەوو**

**شەوێك لە پەلەی هاتنەوەی بەیانیو**

**پەلەی ئێوارەو شەوو**

**پەلەی**

**پەلەی**

**پەلەی پەلەی**

**پەلەی**

**ئاگرم کردۆتەوە**

**بڕۆن لەوانە پرسن**

**ژیان چی بوو؟**

**کە هەر رۆژ باخەڵی کچێکیان پڕ دەکرد**

**لە پەنجەی شەهوەت**

**من نازانم**

**ئاگرمان کردەوە ئاگر**

**هههههههه هاها**

**ژیان چ چیرۆکێکی منداڵانە بوو**

**لە مل درێژکردنی جوجەڵەیەك**

**بۆ شکاندنی بەرگی هێلکەکەی دەستی پێکردو**

**مل درێژ کردنی هەمان جوجەڵە بۆ سەر بڕین تەواو بوو**

**ئێمە کۆمەڵێك شاعیر بووین**

**لە سەر گوفکی باڕێکدا**

**ئاگرمان کردەوە**

**چی گلەیی بزری چاوەکانو**

**برینی ئێوارانمان هەبوو**

ئاگرمان دان

ئێمە کۆمەڵێك پشکۆ بووین

لەنێو چاوی رووباردا ئاگرمان کردەوە

یە کێکمان نەسوتاو بوو بە بەرد

یەکێکی ترمان سوتاو بوو بە بەرد

ئەوەی ترمان نە سوتاو نە بوو بە بەرد

ئێمە ئاخخ ئێـــ هههههههههه هاها

کۆمەڵێك نیشتیمان پەروەر بووین

لە ناو سندوقێکی هەڵبژاردندا ئاگرمان کردەوە

یەکێکمان دەنگی داو پەنجەی جێما

ئەوەی ترمان دەنگی نەداو پەنجەی جێما

ئەوەی دیمان دەنگی نەداو خۆی بە جێما

ئاگرمان کردەوە

چی کۆبونەوە حزبیەکان‌و

دلتەنگی ژێر لافیتەکان هەبوو ئاگرمان دا

ئێمە کۆمەڵێك پەپولە بووین

لەدوایین کۆبونەوەمان لەگەڵ ئاگر

یەکێکمان باڵەکانی سوتاو بوو بە چەتر

یەکێکی ترمان پەنجەکانی سوتاو بوو بە زڕنیق

ئەوەی ترمان سوتاو

بوو بە دوکەڵی پێکەنینی کچێك

ئێمە کۆمەڵێك

هههههههه هاها

تەواو